# لەشفرۆش
# لەژێر نینۆکدا



خالد ڕەسوڵپور
لەفارسییەوە: ڤیدا قادری

1

خاتوون! تکایە داڵدەم دە!

2

دوانیوەڕۆوانی ئەم باڵەخانەیە هێندە چۆڵە، وەکو ئێوارەی گۆڕستان وایە. هەر لە سەرەتاشەوە بە بەهروزم وت، یەک ملیۆن زیاتر بدەین و لە باڵەخانەی ژمارە شەش یەکەیەک بکڕین، جا مەگەر بەهروز گوێ لە قسەی باش دەگرێت؟ دەیوت یەک ملیۆنیش یەک ملیۆنە، وا بزانە موبایلەکەشمان لە سەر شوقەکە کڕیوە و جگە لەمەش ئەم باڵەخانەیە لەگەڵ ئەویتردا چ جیاوازییەکیان هەیە؟ هەمووی دە هەنگاو لە یەکتر دوورن، بەڵام لە ماوەی ئەم حەوت مانگەی، کە هاتووینەتە ئێرە، هەر لە سەرەتاوە ئێمە بووین و ئەم غەریبانەی خوارەوە، کەسێکی دیکە نەهات بۆ ئێرە، بەڵام باڵەخانەکانی دیکە ئەڵێی خشتیان لە زێڕ چێکراوە، لەو کاتەوە هەتاکو ئێستا، یەک ملیۆن بووەتە شەش ملیۆن، بەڵام بەهروز هەر گوێیشی لێ نییە. ئەڵێت ئێرە چۆڵترە. باشترە. قیروسیا هەر با کەس نەیەت. بیر لە من ناکاتەوە. بیر لە تەنیاییەکانم لەناو شوقەیەکدا، کە هەموو پەنجەرەکانی بەرەو دامێن و قەدپاڵی ئەم گردە نەفرەتییە دەکرێتەوە.

3

خانم بە خوا بە ڕاستمە. ئەگەر هەر ئێستا بڕۆی و لە دەرگاکەی بدەی دێتەدەرەوە. دەزانم هێشتا هەر لەوێیە. هەر لەو کاتەوە هاتووم بۆ لای ئێوە گوێم لە داڵانەکە بووە. دەنگی ڕۆیشتنیم نەبیستووە. خانم گیان تکایە تەلەفۆن بۆ هیچ کوێ مەکە. من چەند خولەکێکی تر دەڕۆم. ئێوە هەتاکو خوارەوە لەگەڵم بێن. باقییەکەی خۆم دەڕۆم. دەترسم لە ناو پلیکانەکاندا بمگرێتەوە. ئەو کابرایە شێتە.

4

هێشتا بەردەم ئەو باڵەخانەکانی تر باشترە، لانیکەم شتێک دەبینرێت، مرۆڤێک، گڵۆپێک، ڕووناکییەک، بەڵام ئەم باڵەخانە نەفرەتییە کەوتووەتە پشت هەموویانەوە. لەنێوان ئەم گرد و دەشتە تاریک و خامۆشەدا. باشە تاوانی من چیە؟ هەر لە بەیانییەوە هەتاکو ئێوارە لێرەدا. بە تەنیا. دایکیشم تەنیا یەک جار توانی بێت بۆ لامان. ئەو جارەشیان نازانم چۆن بوو بەهروز پێشنیاریکرد بڕۆین و بیهێنین. تازە تەنیا دوو ڕۆژیش لامان مایەوە. بەهروز زۆری پێ ناخۆش بوو. بڕیاربوو دایکم هەفتەیەک لامان بمێنێتەوەو پێنج شەممەی دوایی بیبەینەوە. دایکم دەیوت لێرە دەترسم. بە بەهروزیشی وت ئێرە بفرۆشێت و بڕواتە خوارەوە، بۆ ناو مرۆڤەکان. هەر بەم جۆرە وتی: ناو مرۆڤەکان. دواتر بەهروز ویستبووی لە وەڵامی دایکمدا بڵێت: مەگەر ئێرە ناو کەرەکانە؟ منیش نەمویست بە بەهروز بڵێم: خۆزگە ناو کەرەکان بوایە، ناو ڕۆحەکانە. بە هۆی کاری فەرمانگەی بەهروزەوە نەمانتوانی دایکم ببەینەوە. بە سواری پاس گەڕایەوە.

5

هەر لە سەر ئەم شەقامەی خوارەوە خستمە داو. ڕاستییەکەی تازە لە لای یەکێکیتر کارم تەواو ببوو. کوڕێکی گەنج بوو، هێشتا هەر منداڵ بوو. تەمەنی شازدە هەڤدە ساڵ زیاتر نەبوو. نەیدەزانی ماشێن لێ بخوڕێت. دوو، سێ جار نزیک بوو بکێشێت بە دار و دیواری خەڵکدا. وتم بیدە بە من لێی بخوڕم. وتم نازانی لێبخوڕیت بۆچی ئوتومبێلەکەی باوکت هێناوە؟ بردمی بۆ ماڵی یەکێک لە هاوڕێیەکانی. لەکاتی گەڕانەوەدا هێندە لە لێخوڕینەکەی ترسابووم، وتم هەر لە سەر ئەم شەقامە دادەبەزم. پاشماوەی ڕێگاکە خۆم بە تەکسی دەڕۆم. زۆر خۆشحاڵ بوو. دوهەزار زیاتریشی پێدام.

6

ئەگەر ئێستا بەهروز بێتەوەو لێرە بتبینێت هەردووکمان دەکوژێت، هەم تۆ و هەم من. بۆچی پێتوایە بڕوادەکات؟ دەبێ لە شوینێکدا بتشارمەوە. دەبێ خۆت بشاریتەوە.

7

هەندێ جار دەکەوێتە سەرم بڕۆمە سەر ئەو گردە نەفرەتییە. لەوانەیە لەو دیویەوە، تەنانەت ئەگەر لەدووریشەوە بێت، بتوانم گۆمەکە ببینم. بەهروز دەڵێت ئەگەر گردەکە نەبوایە، هەموو شەوێک دەمانتوانی گڵۆپەکانی پردە گەورەکەی گۆمەکە، تەنانەت سوسەی رووناکی دووری دورگەی شاهییش[1] کە شەش حەوت گوندی لێیە ببینین. بەهروز دەیوت بڕیارە فەرمانگەکەمان گەشتێکی یەک ڕۆژە لە دوورگەکەدا سازبدات. حەوت مانگە هەر ئەمە دەڵێت. ئێستاش کە خەریکە کەشەکە سارد دەبێت. بەهروز دەڵێت لێرە زووتر بەفر دەبارێت. ڕەنگە تاکو مانگێکی تر. کۆتاییەکانی خەزەڵوەر.

8

بە خوا قەت گومانم لێی نەکرد. بەردەوام زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. پیاوێکی قۆزبوو. دیار بوو دەمێکە دەستی بەر ژن نەکەوتووە. بەردەوام دەستی دەگرتم و دەیخستە گیرفانی و دەیگوشی. وتم لانیکەم سەبرکە با بگەینە ماڵەوە، ئینجا مەگەر ناڵێی ماڵمان نزیکە؟ لێرە عەیبە. خەڵک پێماندەزانن. وتی بەڵێ نزیکە نزیک. خەریکین دەگەیین. منی بە پێ لەم هەموو سەرەوژوورایيە کردووەتە کێش و هێناومی بۆ ئێرە. وامزانی گڕەکەی تیژە و خێرا واز دێنێت و دەڕۆمە دوای ئیشی خۆمەوە. هەر کە لە پلیکانەوە سەرکەوتین یەک دووجار باوەشی پێمداکرد. بیرمکردەوە کە ئەو خۆی شەرمناکات، ئیتر من بۆ دەبێ شەرمبکەم؟ خۆ من ئەمە کارمە. ئەم دراوسێیەی قاتی خوارەوەتان هەرا و هوریایەکیان بوو هەر مەپرسە، وابزانم شەڕیان بوو. کاتێ گەیشتینە ئەم نهۆمە، بەریدام و خێرا چوو بۆ بەر درگای دراوسێیەکەی تەنیشتتان. کلیلەکەی نەدەدۆزییەوە. هەموو گیرفانەکانی گەڕا. شڵەژا بوو. ئێستا دێتە بیرم چۆن بە ترسەوە تەماشای ماڵی ئێوەی دەکرد.

9

تاکو ئێستا کەس بەم جۆرە لە درگای نەداوە. ئەسڵەن هەر لەو کاتەوە کە نیشتەجێی ئەم گۆڕستانەین کەس لە درگامانی نەداوە. ئەم غەریبانەی قاتی خوارەوەش سەرقاڵی ئیشی خۆیانن. ئەگەر ماڵەکەیشت بسووتێت، هەرگیز بۆیان گرنگ نییە، هێندە لەگەڵ یەکتردا دەرگیرن. بیست خولەکێک بە هاتنی بەهروز مابوو. پێنج شەممان زووتر دێتەوە. خەریکبووم سەماوەرەکەم هەڵدەکرد، کە لە درگایان دا. ئەسڵەن یەکێک خۆی کێشا بە درگاکەدا، پاشان بە مشت نیشت بە درگاکەوە. جگە لە خۆم و بەهروز هە تاکو ئێستا کەس لەم درگایەوە نەهاتووەتە ژوورەوە. هەڵبەت یەک دوو جاریش دایکم هاتووە. بە خۆمم وت ڕەنگە ژن و پیاوەکەی خوارەوە بن، یان منداڵەکانیان کە لە شەڕەکە هەڵاتوون و هاتوون بۆ ئێرە. دوو کوڕی جمکیان هەیە، شەش یان حەوت ساڵان. هەمیشە ماتی دایک و باوکە کەرەکەیانن. خەریکبوون درگاکەیان دەشکاند. وتم: هاتم. هاتم. هێواش تر. ڕۆیشتم و درگاکەم کردەوە.

10

کچێ! لەم باڵەخانەیەدا جگە لە ئێمە و دەراوسێیەکەی خوارەوە کەس ناژییێت. دوو یەکەکەی نهۆمی سەرەوەش چۆڵە. دوو دانەکەی خوارەوەش، کە هی ئەم غەریبانەیە یەکێکیان بۆ بە کرێدان کڕیوە. ئێمە لەم نهۆمەدا بە تەنیاین. یەکەکەی تەنیشتیشمان چۆڵە. هەتاکو ئێستاش کەس سوراغی نەگرتووە. من شەو و ڕۆژ لە ماڵم و گوێم بە هەموو دەنگەکانی ئەم باڵەخانەیە ئاشنایە. لە ماوەی ئەم حەوت مانگەدا، تەنانەت یەک جاریش دەرگای ئەو شوقەیە نەکراوەتەوە. دەزانم کەسیش نەیکڕیوە، چونکە هەر ئەو کاتە بەهروز دەیویست لاسایی ساحیب خانووەکان بکاتەوە و بیکڕێت و بیدات بە کرێ، کە خۆشبەختانە پارەکەی بەشی نەکرد، دەنا هەتاکو ئێستاش لەسەر دەستمانەوە دەمایەوە. هەر لەو کاتەشەوە کەس نەهاتووە بیبینێت.



**بە خوا قەت گومانم لێی نەکرد. بەردەوام زەردەخەنەی لەسەر لێو بوو. پیاوێکی قۆزبوو. دیاربوو دەمێکە دەستی بەر ژن نەکەوتووە. بەردەوام دەستی دەگرتم و دەیخستە گیرفانی و دەیگوشی. وتم لانیکەم سەبر کە با بگەینە ماڵەوە، ئینجا مەگەر ناڵێی ماڵمان نزیکە؟ لێرە عەیبە.**

11

من پیاوی نائاسایی و دەرووننەخۆشی زۆرم بینیوە. هەموو جۆرە پیاوێک. ئەمەیان هەر لەو جۆرە پیاوانە نەدەچوو. هەڵبەت هەر لە سەرەتاوە هەستمپێیکرد گۆنای راستی دەفرێت، بەڵام وامزانی مرۆڤیکی دەماری، بەڵام بێ ئازارە. هەر کە چووینە ژوورەوە بازیدا و باوەشی پێداکردم. وتم هێواشتر. دەی ئاخر ماندوو بووم. ئەو هەموو سەرەولێژاییە بەپێ هاتبووم. ئەو کوڕە گەمژەیەش زۆری ترساندبووم. بە لێخوڕینەکانی و خراپتر لەوەش بە ناشیگەرییەکان و گاز گرتنەکانی. ئەو منداڵە یەکەم جاری بوو. چاکیش فێری هەموو شتێک بوو، بەڵام ئەمەیان ئاژەڵێک بوو بۆ خۆی خانم. بە خۆمم وت، رەنگە دەمێک بێت چاوی بە ژن نەکەوتبێت. بە رواڵەت لە خێزاندار دەچوو. شارەزابوو. ماڵێکی پاک و خاوێنی هەبوو. تۆ دەڵێیت کەس لەوێدا ناژیت، بەڵام من خۆم بینیم. هەموو شتێکی هەیە. دیاربوو ژنێک ماڵەکەی رێکدەخات. خاوێن و رێک و پێک بوو، بەڵام ئەو ئاژەڵە نەیهێشت. نووساپێمەوە. بە پەلەپەلەکانی و شێلانەکانی، پاشان لە ناکاو پەلاماریدام و چنگی کرد بە ملمدا. هەر نەمزانی چی کرد. لە ناکاو ئیتر نەمدەتوانی هەناسەبدەم. بەرچاوم رەشبوو. دەینەڕاند. وەکو شێر، یان وەکو گا، یان نازانم وەکو هەر ژاری مارێکی دیکە. دەیویست بمکوژێت. هەڵهاتم. نازانم چۆن بە لەقە کێشام بە سەر سنگیدا، کەوتە خوارەوە. هاوارمکرد، بەڵام دەنگم دەرنەدەهات. کەوتم بە سەریدا . بە مشت کێشای بە دەموچاومدا. شێتی شێت بوو خانم.

12

چی بووە؟ تۆ کێی؟ چیت دەوێت؟

13

ملی لە حەوت لاوە کون ببوو، خوێنیان لێهەڵدەقولا. ئارام ئارام. کونەکان شوێنی نینۆک بوون. کەسێک چنگی گرتبوو لە ملی و گوشیبووی و کڕاندبووی. خۆیشی ڕووت ڕووت بوو. وەک چۆن لە دایکدەبێت ڕووت.




14

ئەو پیاوەی کە باسیدەکەی. ئەو پیاوەی کە گۆنای راستی دەفرێت. ئەو پیاوەی کە کلیلی یەکەکەی تەنیشت ئێمەی هەیە، ئەو پیاوەی دەمێکە ژنی نەبینیوە، ئەو پیاوەی لە ناو قادرمەکانی ئێمەدا هەست بە غەریبی ناکات.......

15

خانم گیان! ئێوە چەند ساڵ لە من گەورەترن؟ لەوە ناچێت منداڵتان هەبێت. مێردەکەت لەوانەیە ئێستا بگەڕیتەوە. هەتاکو خوار پلەکان لە گەڵمدا وەرە. باقییەکەی خۆم دەڕۆم. دەترسم لە ناو پلەکاندا بمگرێتەوە.

16

بازمدایە ناو داڵانەکەوە. نەهات بە دوامدا. هەر بەو جۆرە کەوتبوو و دەلەرزی. مشتەکانی دەکردەوە و دەینووقاند. چاوی بڕیبووە سرمیچەکە. هاتم و درگاکەم کردەوە. دەمزانی قفڵی نەکردووە. پێشتر سەرنجمدابوو. هاتمە دەروە ، خۆمم کێشا بە درگاکەی ئێوەدا. لە نەعلەکانی بەر درگاکەتان بۆنی مرۆڤ دەهات خانم. دەمزانی یەکێک لە ماڵەوەیە. هەتاکو ئێوە نەتانوت نەمدەزانی ڕووتم. نەمدەزانی بریندارم.

17

حەوت مانگە لێرەدا بەندکراوم. بەهروز ئێواران درەنگ دێتەوە بۆ ماڵ. جگە لە پێنج شەممان، کە لە کاتژمێر سێ بە دواوە دێتەوە بۆ ماڵ، باقی رۆژەکان هەتاکو سەعات شەش و حەوتی ئێوارە لە دەرەوەیە. دەڵێت هێندە کار بەسەرماندا رژاوە، ئەگەر دەیانهێشت شەوەکانیش دەیویست لە فەرمانگەدا بمێنێتەوە.

18

خانم گیان بەم جۆرە نابێت. دەڕۆم بۆ نەخۆشخانە. نەخۆشخانەیەکی ئاشنادەناسم. دەبێ بڕۆمە لای برینپێچ. ئەوە چی دەکەی؟ خەریکی دەیانسڕیتەوە لە ملم؟ چما ئەڵێی خەریکی خۆیشم دەسڕێتەوە. مەگەر من نوسراوی سەر تەختەڕەشم خانم؟ خەریکی دەمخنکێنی. بەرمدە. بەرمدە.

19

ئەم پیاوەی باسیدەکەی، بێگومان تۆی ناسیوە. ڕقیلێتبووە. تەنیا پەنجەکانی پیاوێکی ئاشنا، دەتوانێت هێندە بڕواتە ناو پێست و گۆشتی ژنێکدا و کون کونی بکات.

20

جوان جوان دەیسڕمەوە. وەک بڵێی هەر گەردنێک نەبووە، تاکو بە نینۆک پەرچ بکرێت. وەک بڵێی لە ژێر سەرمدا گەردەنێک نییە. سەرم رێک لە سەر شانەکانمەوە رواوە. ئەو شاڵە سپییەی کە شەوێک بەر لە دەزگیرانی کڕیت بۆم دەیپێچمە دەور سەر و گەردنمەوە. لە شوێن حەوت برینەکەمەوە خوێن بە ئارامی هەڵبقوڵێت، بڕواتە خوارەوە لە سەر هەر مەمکێکم سێ هێڵ خوێن جاریبێت و حەوتەمییەکەیان لە نێوان دوو مەمکەکەمەوە. لەو شوێنەدا کە بە خەیاڵی خاوت، جگە لە لێوەکانت هیچ گەشتیارێکی تری نییە. هەتاکو برۆن. برۆن و لە ژێر مەمکەکانمەوە بگەنە یەکتر و ببنە یەکێک. چما رووبارێکە پێکهاتووە لە حەوت کانی و بڕژێنە ناو ناوکم و بگەڕێنەوە بۆ ئەو ناوەڕاستە. ئەو شوێنەی لەوێوە دەستم پێ کرابوو و هاتبووم تاکو ئێرە. تاکو تۆ. تاکو بە تەنیام بهێڵیت. تاکو ونم کەی لەناو بیاباندا. تاکو بمدەی بە کەسانی دیکە. تاکو سواری ماشێنگەلێک بم کە کوڕە منداڵ و ناشییەکان لە باوکە گەمژەکانیان دەدزن و دەیکێشن بە دار و دیواری خەڵکدا. تاکو بەند بکرێم لە باوەشی ئەو پیاوانەدا کە وەکو تۆ ئەمدەن بە خەڵک.

21

هەر ئێستا کاتی ئەوەیە بەهروز لە قادرمەکانەوە بێتە سەرەوە، یان وا پیشانبدات کە دێتەسەرەوە. چما لە فەرمانگەدا بووە. ماندووە، دەزانم. چایم لێناوە. چەندە پێی خۆشە، هەر کە گەیشتە ماڵەوە، کوپێک چا بنێمە بەردەستی. نابێت بشڵەژێم. نابێت لێگەڕێم تەنانەت نەختێکیش گومانبکات. لە بیرم بێت، پەیتا پەیتا شاڵەکەم رێک بخەمەوە و بیخەمە سەر سنگم. کە هاتە ماڵەوە دەستەکانی دەکاتە ناو گیرفانی چاکەتەکەی. دڵنیام دەڵێت جانتاکەی لە ناو ئوتومبێلەکەدا بە جێهێشتووە. ڕەنگە ئەم جارەیان زەردەخەنەیەکیش بکات. من نابێت بیدەم بە ڕەنگیدا. ئەگەریش بزانێت من ئاگام لە هەموو شتێک هەیە، خۆیشم لە ناودەچم. لێگەڕێ با ئەم جارەش رێک بڕوات بۆ ئاودەست. ئەم جارەشیان سەیریناکەم. بە حاڵەتێکەوە چما هیچ روونەداوە، درگای ئاودەستەکە دابخات، پاشان هێرش ببات بۆ لای بۆری ئاوەکە. گەرم و ساردەکە پێکەوە بکاتەوەو دەستەکانی بگرێتە ژێر ئاوەکەو و پەڵە خوێن و گۆشتەکانی گەردنم لەژێر نینۆکەکانییەوە بێنە دەروە. لەناو ئاوێنەکەدا چاو ببڕێتە چاوەکانی خۆی. شەقیقەکانی ئازاریان هەبێت. هەستدەکات منیش وەکو هەمیشە ئاگام لە هیچ شتێک نییە، پاشان دیسان وەکو هەمیشە خۆی بدات لە نائاگایی. چما وەک هەمیشە ئاگای لە هیچ شتێک نییە.

**پەراوێز:**

1.دوورگەی شاهی، تاقە دوورگەی گۆمی ورمێیە کە خەڵکی تێدا دەژێت.

**سەرچاوە:**

- کۆمەڵە چیرۆکی «ڕوسپی زیر ناخن»